www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:15 8-10-2006

# ( ڕکونی )*

.... نالی پێنجوێنی

سویسرا 7 - 9 - 2006



لەژمارە 255 ی هەفتەنامەی (میدیا)، بەڕێز کاك (حەمەسەعید حەسەن)، باس لەڕوداوەکانی پرۆسەی جینۆسایدی بەناو (ئەنفال) دەکات، بەلاَم مەخابن، نووسەر خوێندنەوەیەکی هەڵەو ناڕاستی بۆ ئایەتەکانی سوورەتی (ئەنفال) هەیە.

سەرەتا دەمەوێ بلێم بەڕێز کاك حەمەسەعید حەسەن، وەك شاعیر، نووسەرو ڕەخنەگرێک، زۆر جار لەدنیای ئەدەب و ڕەخنەدە ا دەرکەوتووەو نووسینەکانی لەو بوارەدا نکولی ناکرێ. بەلاَم، کاتێک نووسەر لەبارەی ئیسلامەوەدێتەگۆ، بەخت یاوەری نییە، بەمەعریفەیەکی سەرەتایی و بڕیاری پێشوەخت دێتەپەیقین. هەرچەندەناوبراو تەمەنێکی زۆری قۆناغی کامڵبوون (ڕۆشد) لەوڵاتێکی پێشکەوتووی وەک (سوید) دا، بەسەربردووە، بەلاَم (بۆ نەگبەتی کورد) وەک هەندێ لەڕۆشنبیرانی تاراوگەنەیتوانیووەکولتوری، ڕێزگرتنی بیروباوەڕ، بەتایبەت بیروباوەڕی زۆرینەی کۆمەڵگا، دیموکراسی، پێکەوەژیان، بکاتەڕەوشتی پەیڤینەکانی. پێویستەنووسەرو ڕۆشنبیرو ڕەخنەگری جدی دوور بێت، لە (تەئسیری ئایدۆلۆژی، ڕکونی، بڕیاری پێشوەخت، دنەدان، چاو برینەجیرەوخەڵات و ئافەرین)، تاکو ڕەخنەو بۆ چوونەکانی بەهای خۆیان لەدەست نەدەن وخوێنەر بەڕاستییەکان ئاشنا بکەن.

بەداخەوەکاک حەمەسەعید، لەزۆرێک لەم دەردانەبەدوور نییە، بۆیەڕاستییەکان دەشێوێنێ، نایەوێ بەخوێنەر بلێ، بەعس، دڕندە، مرۆڤ کوژ، دیکتاتۆر، ستەمکار، دوژمن بوو. ئیسلام بەتاوانبارو بەعس، بەبێتاوان و جێبەجێکەری سورەتێکی قورئان دەداتەقەڵەم، ئەیەوێ بلێ ئیسلام و قورئان، قەتلوعامی کردین، فێلی لێکردین، تالاَنیکردین.

بەڕێزیان بەحوکمی پاشخانەفیکریەکەی و هاو مەشرەبی مەدرەسەی "سۆشیالیستی" بەعس، بۆیەبیری چوە، یان لەبیرخۆی بردۆتەوەکەبەعس، ئیشتراکی بوو **[الحزب البعث العربی الاشتراکی]** نەک ئیسلامی، زۆرێک لەچەک و فرۆکەو تانک و تفاقی شەڕو قەلاَچۆکردنەکانی لەیەکێتی سۆڤیەتی ئەوساوەپێدەگەیشت!. بۆ کارەدڕندانەکانیشی، ناوی ئیسلام و ئەنفالی بەکار دەهێنا، تا گێلەپیاوەکان!، هەڵخەڵەتێنێ و ئیسلام و قورئان، لای خەڵک ناشیرین و بێزراو بکات.

با بێینەسەرتێبینی و سەرنجەکان لەمەڕ وتەکانی بەڕێزیان.

1- باسکردن و ناساندنی زیاتری تاوانەدڕندانەکانی جینۆسایدی بەناو (ئەنفال) لەم کاتەدا، کە(سەددام) ی دیکتاتۆرو سەرانی پیاوکوژی بەعس، دادگایی دەکرێن، بێشک کارێکی باشە، بەلاَم کاتێک نووسەر، بەکەسوکاری قوربانیەکان بلێ، ئەوەئیسلامەئێوەی والێکردوونەک بەعس!، ئەم قسانەئیهانەیەکەبۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بەتایبەتی، سوکایەتییەبەپیرۆزییەکانیان، چونکەزۆربەی خەڵکی کوردستان، موسڵمانن و ڕێز وحورمەت لەدین و بیروباوەڕەکەیان دەگرن، بەڵکو بەپێچەوانەوەئەوجۆرەقسانەبەپاساو هێنانەوەوپاکانەکردن بۆ بەعس دادەنێن.

2- ئیسلام ئاینی ئاشتی و ڕەحمەتە، نەک مل پەڕاندن!؟، **یأیها الذین آمنوا أدخلوا فی السلم کافة** } ، { **وماأرسلناک إلا رحمة للعالمین** }.

3- خودا مرۆڤی ئازاد کردووە، کەباوەڕداربێت، یا بێباوەڕ { فمن شا و فلیؤمن ومن شا و فلیکفر }، سەپاندنی دین بەتۆپزی ڕەتدەکاتەو ە{لا إکراەفی الدین }، ئیتر کەی؟ ڕەوایەبوترێت، ئیسلام ئاینی قەڵاچۆکردنی نەیاران و موخالیفەکانییەتی، چ جای شوێنکەوتوانی!، وەک بەڕێزیان ئەنووسێت [ باشەبەچ هەقێک، موسڵمانان مافی ئەوەیان هەیە، کافران قەڵاچۆبکەن ]، نازانم بەڕێزی ئەم لێکدانەوەسەقەتەی لەکوێوەهێناوە؟.

4- ئیسلام زۆر گرنگی بەمافی غەیرەدین داوە، ئەوەتەلەئایەتی هەشتەمی سوورەتی (الممتحنە) دا ئەفەرموێ {**لاینهاکم الله عن الذین لم یقاتلوکم فی الدین ولم یخرجوکم من دیارکم أن تبروهم وتقسطوا إلیهم إن الله یحب المقسطین**}، ئەوانەی شەڕتان لەگەڵ ناکەن و لەماڵ و زێدی خۆتان ئاوارەتان ناکەن، چاکەکردن ودادپەروەری لەگەڵیان مایەی بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودایە. زانایان غەیرەدین، دەکەن بەسێ بەشەوە:

یەکەم: (محاربین) واتەئەوانەی دەجەنگن، لەگەڵ موسڵمانان.

دووەم: (ڕهل عهد ) واتەئەوانەی کەهاوپەیمانن.

سێیەم: (ڕهل ژمە) واتەئەوانەی لەدەوڵەتی ئیسلامیدا دەژین و موسڵمان نیین،

هەموو مافێکی هاووڵاتی بوونیان هەیە، پاراستنی مافەکانیان لەزیمەتی موسڵماناندایە، فوقەهای ئیسلام لەبارەیانەوەدەڵێن (لهم مالنا، وعلیهم ما علینا ) .

5- موسڵمانان تاڕێگەی ئاشتی وگۆفتوگۆیان بووبێت، هیچ کات پەنایان بۆ شەڕ نەبردووە{**قل یأهل الکتاب تعالوا الی کلمة سواء بیننا وبینکم**}، بەڵام کاتێک شەڕ یەخەیگرتبن و نەیانتوانیبێ لەشەڕی شەڕفرۆشان خۆیان لابدەن، پێشینان واتەنی (شەڕەو یەخەت دەگرێ گەرنەیکەیت خودا دەتگرێ) ئەوا ئازایانەو مەردانە، لەمردن نەترساون و دوژمنەکانیان تەمبێکردوو ە.

6- بۆ تێگەیشتن لەمانای سوورەتی ئەنفال وئایەتەکانی، پێویستەشوێنکات و هۆی هاتنەخوارەوەی، (ڕسباب النزول) بزانین، سوورەتی ئەنفال، لەساڵی دووەمی کۆچی و لەشەڕی (بەدر) هاتۆتەخوارەوە، دوای سیانزەساڵ، ئەشکەنجە، ئازار، ئابڵوقە، دەربەدەری، موسڵمانان ویستیان لەتۆ ڵەی ئەو هەموو ستەم وناڕەواییەی بەرامبەریان کرابوو کاروانێکی قوڕەیش بگرن، کاتێک قوڕەیش لەنیەتی موسڵمانان ئاگاداربوونەوە، هاتن، بەدەم کاروانەکەیانەوەو لەشکریان بۆ شەڕی موسڵمانان ئامادەکرد، هاتنی ئایەتی دوازدەی سوورەتی ئەنفال {**فضربوا فوق الاعناق واضربوا منهم کل بنان**} بۆ کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان و داگیرکەرانە، بۆ ئەو کاتەیەکەشەڕ یەخەت دەگرێ، لەکاتی شەڕو پەلامارو دەستوەشاندن لەدوژمن و داگیرکەران، فیشەک بەسەروو دەست و قاچ و لاشەوەئەنرێت، خۆ تەقەبەبەرپێ و بەسەریاندا ناکرێت!؟، لەهەموو دنیادا شەڕ وابووە، ئیتر بۆ ئەوەبکرێتەڕەخنەلەئیسلام.

7- بەنیسبەت ئایەتی (30) سوورەتی ئەنفال کەکاک حەمەسەعید، نیوەی دووەمی ئایەتیەکەی هێناوە{**وإذ یمکر بک الذین کفروا لیثبتوک أو یقتلوک أو یخرجوک ویمکرون ویمکر الله و الله خیر الماکرین**}، ئەوڕاڤەیەی بەڕێزیان بۆ نیوەی دووەمی ئایەتەکە، جگەلەفریودان هیچیتر نیە!، چونکەئەو ئایەتەباس لەپیلانی کافران وئاشکراکردنی ئەو پیلانانەلەلایەن خوداوەبۆ پێغەمبەرەکەی دەکات، کەشفکردنی موئامەرەو پیلانی دوژمنان، مانای زانایی و بەتواناییەنەک فێڵکردن. زۆرێک لەوڵا تان دەزگا هەواڵگیریەکانین بۆدۆزینەوەی سەرەداوی موئامەرەوپیلانەکانە.

8- لەئایەتی (39) سوورەتی ئەنفال، خودا فەرمان دەکات بەشەڕکردن لەدژی ئەو دەسەلات وسیستەمەدیکتاتۆریانەی کەڕێگەنادەن خەلْک، بەئازادی ولەکەش وهەوایەکی سەربەستدا بیروباوەڕیان هەلْبژێرن، بۆیەمانەوەی ئەودەسەلاتەی ڕێگەنادات گەلان ئازادانەبەمافی چارەی خۆنووسین بگەن بەمانای (فیتنە) هاتووە، هەرجۆرەزەخت و هۆکارێکی فریودان و لەخشتەبردن کەبەهۆیەوەخەلْکی نەتوانن بەڕاستییەکانی ئیسلام ئاشنا بن (فتنە) یە، لابردنیشیان نەهێشتنی (فتنە) .

خەبات وشۆڕشەکانی گەلی کوردستان، گەرلەلایەن ڕژێمی فاشیزمی بەعسەوەبە(ئاژاوە) ناوزەند کرابێت، ئەوا ئەتوانین بلْێین کتومت لەئیسلامدا بەپێچەوانەوەیە، ڕژێمێکی تۆتالیتارو دڕندەی وەک بەعس، کەگشت جۆرەئازادی و مافێکی هاوولاتیانی زەوت دەکرد، لەئیسلامدا ئەوجۆرەڕژێمە، بێشک سەرچاوەی (فیتنە) ئاژاوەیە.

ئیسلام، خەبات وتێکۆشانی گەلانی ژێردەستەوچەوساوە، دژ بەڕژێمەدیکتاتۆریەستەمکارەکان، بەئاژاوەناداتەقەلْەم، بەلْکو ئیسلام خۆی شۆڕشی چەوساوەکانەدژ بەستەمکاران، خودا لەئایەتی (75) سوورەتی نیسائدا ئەفەرموێ **{ومالكم لاتقاتلون فى سبيل الله والمستضعفين من الرجال والنساء والولدان الذين يقولون ربنا أخرجنا من هذه القرية الظالم أهلها}**، ئەوەبۆ لەپێناوی خودا و پیاوان و ژنان و مندالانی چەوساوەدا ڕاناپەڕن و خەبات ناکەن، ئەوانەی داوادەکەن خودا ڕزگاریان بکات لەدەست کاربەدەستەزالْمەکانیان.

نازانم کاک حەمەسەعید، چۆن؟، خۆی لەڕاڤەکردنی ئاتەکانی قورئان داوە، تابەو شێوەیەڕاستیەکان بشێوێنێ، بۆ ئەیەوێ قورئان، بەپۆخلاواتەکانی بەعس، ڕاڤەبکات، بەعسیەکان بەنوێنەری خوداو جێبەجێکەری قورئان بداتەقەلْەم!؟.

9- ئایەتی (41)، سوورەتی ئەنفال، باس لەچۆنیەتی وچەندێتی دابەشکردنی الغنيمە، (واتەئەو کەرەستەو شتومەکانەی کەلەکاتی جەنگ و لەبەرەکانی شەڕدا دەست موسلْمانان دەکەون) دەکات، **{واعلموا أنما غنمتم من شئ فأن لله خمسه وللرسول ولذي القربى واليتمى والمساكين وابن السبيل}**. لەئایەتی (69) دا، حوکمی شەرعی

(الغنيمە) بەیان دەکات، دەفەرموێ بیخۆن، حەلالْ و پاکە، **{فكلوا مما غنمتم حلالا طيبا}**. ئەو (الغنيمە) کەلەبەرەکانی جەنگ و دوای تێکشکانی لەشکری کافران

دەست موسلْمانان دەکەوێت، زۆر جیاوازەلەو تالانییەی کەجاشی خۆمالْی و بەعس کردیان، دەسکەوتەکانی شەڕێکی ڕەوا، کەی؟ یەکسانەبەتالانییەکانی شەڕێکی ناڕەوا،

ئەو جۆرەلێکدانەوەیەتەنها لەعەقلْێکی دۆگمای شۆفێنی وەک بەعس دەوەشایەوە، نازانم نووسەرو ڕۆشنبیرێکی وەک بەڕێزیان، چۆن ڕێ بەخۆی ئەدا ئەوجۆرەبۆچوون و لێکچواندنانەبەلایدا گوزەر بکات، چ جای ئەوەی خوێنەریان پێ چەواشەبکات.

10 – منیش دەنگم دەخەمەپالْ دەنگی بەڕێزیان ودەلْێم، پێویستبوو دەسەلاتی کوردی ئەنفالچییەکوردەکان، دادگایی بکا نەک ڕێزیان لێبنێ و پۆستی گرنگیان پێ ببەخشێ، بەلام تا بەرژەوەندی حیزب حیزبێنەبمێنێ، خەرمانی ئەوان (ئەنفالچییەکوردەکان)

بەرەکەت دێنێ.

11 – هەرچەندەزۆرێک لەبڕگەکانی نووسینەکەی کاک حەمەسەعید، قسەلەسەرکردنی زیاتر هەلْدەگرن، بەلام لێرەدا بواری ئەوەمان نییە، بۆیەئەو پرسیارەلەبەڕێزیان دەکەم، گەرئاین سەرچاوەی

تیرۆرە، ئایەقەتڵوعامکردن و قەڵاچۆکردنی سەدان هەزار کەس لەلایەن ستالینەوە، سەرچاوەی کام ئاین بوو؟.
لەکۆتایدا ئەڵێم گەر ئەنفالەکەی بەعس، ڕکونی، بێت بەرامبەر بەگەلی کوردستان، ئەوا خوێندنەوەکەی جەنابیان، (ڕکونی) یەبەرامبەر ئیسلام.

* تێبینی:
1- (ڕکونی) = بوغز لەزگ، ڕق هەڵگر.
2- سوودم لەم سەرچاوانەوەرگرتووە: **صفوة التفاسیر ، فی ظلال** ، هەفتەنامەی میدیا، شەرەفنامە، ئینتەرنێت.
3- وەک عورفێکی ڕۆژنامەوانی ئەم بابەتەم نارد بۆ هەفتەنامەی (میدیا)، بەڵام بەداخەوەنەیانتوانی بڵاوی بکەنەوە.

nalipenjweni@hotmail. com